ئایا شتێکتان پێ نەڵێم کە دەترسم لە ئەوەی تووشتان بێت زیاتر لە مەسیحی دەجال؟ ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: شیرکی شاراوە (الشرك الخفي)، کەسێک هەڵدەستێت ونوێژەکەی دەڕازێنێتەوە کاتێک دەزانێت کەسێک سەیری دەکات

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا شتێکتان پێ نەڵێم کە دەترسم لە سەر ئێوە کە تووشتان بێت زیاتر لە مەسیحی دەجال؟»، ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «شیرکی شاراوە (الشرك الخفي): کەسێک هەڵدەستێت نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە کاتێک دەزانێت کەسێک سەیری دەکات».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

هاوەڵان باسی فیتنە وتاقیکردنەوەی دەجالیان دەکرد ولێی دەترسان، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو کە شتێک هەیە دەبێت زیاتر لێی بترسن لە فیتنەی دەجال ئەویش بریتیە لە شیرکی نیەت ومەبەست کە خەڵکی نایبینن، پاشان بەوە ڕوونی کردەوە کە مەبەستی (ڕیایە) کە ئەمیش بریتیە لە جوانکردنەوەی ئەو کردەوانەی کە مەبەست لێیان پەرستنی خوای گەورە؛ بۆ ئەوەی خەڵکی ببینن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3333